# International Theatre Institute ITI

**World Organization for the Performing Arts**

## پەیامی ڕۆژی جیهانیی شانۆ ٢٧ی ئازار، ٢٠٢١

## نوسەری پەیامەکە: هێڵەن میرەن، بەریتانیا

ئەکتەری شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆن

## Kurdish (Sorani)

---

ئەمە کاتێکی زۆر سەخت بوو بۆ نمایشی زیندوو. زۆر هونەرمەند و تەکنیشن و ئەو ژن و پیاوانەی کاری دەستیی دەکەن، لە پیشەیەکدا خەباتیان دەکرد کە خۆی لێوانلێوە لە مەترسیی.

ڕەنگە ئەو مەترسییە هەمیشەییە یارمەتی دابن تا بە زیرەکی و ئازایەتییەوە لەم پەتایە ڕزگاریان بێت.

لەم هەلومەرجە نوێیانەدا، توانییان ئەندێشەکانی خۆیان سەبارەت بە پەیوەندیکردن بگۆڕنە سەر چەندین شێوازی داهێنەرانە و چێژبەخش و کاریگەر. بۆ ئەنجامدانی بەشێکی گەورەی ئەمەش، دەبێت سوپاسی ئینتەرنێت بکەین.

مرۆڤەکان، لەوەتەی لەسەر ئەم هەسارەیەن هەمیشە چیرۆکیان بۆ یەکتر گێڕاوەتەوە، تا لەسەر ئەم هەسارەیەش بمێنین کەلتووری جوانی شانۆ هەر بەردەوام دەبێت.

ئارەزووی داهێنەرانەی نوسەران و دیزاینەر و سەماکار و گۆرانیبێژ و ئەکتەر و موزیکژەن و دەرهێنەرەکان هەرگیز خەفە ناکرێت. لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەو ئارەزووە بە وزەیەکی نوێ و تێگەیشتنێکی نوێی هەموومانەوە بۆ جیهان، جارێکیتر دەگەشێتەوە.

زۆر بەتاسەوەم!

وەرگێڕانی پەیامەکە لە ئینگلیزییەوە لەلایەن ڕزگار حەمە ڕەشید،

دەرهێنەری هونەریی گرووپی شانۆی سکای

Translated to Kurdish (Sorani) by Rzgar Hama

Artistic Director of Sky Theatre Group